Asiacell

کۆماندەکاتەوە

# ڕاپۆرتی دەستپێشخەرییەکانی ئاسیاسێڵ لە بواری کارسازییدا

2025-2022

# پێڕست


3 پێشەکی

4 تێڕوانینێکی گشتی بۆ پلاتفۆرمی ئەساس

7 پوختەی هاوبەشە ستراتیژییەکان و تێڕوانینێکی گشتی بۆ داتاکان (2025-2022)

10 تێڕوانینێکی گشتی بۆ ساڵی 2022

18 تێڕوانینێکی گشتی بۆ ساڵی 2023

25 تێڕوانینێکی گشتی بۆ ساڵی 2024

39 تێڕوانینێکی گشتی بۆ ساڵی 2025

# پێشەکی

ژینگەی کارسازیی و داهێنان لە عێراق گەشەسەندن و گۆڕوتینێکی بێوێنەی بە خۆیەوە بینیوە، کە بەهۆی بەرفراوانبوونی خێرای تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکان و گەشەسەندنی پابەندبوونی نیشتیمانی بە بەرەوپێشبردنی گەنجانەوە هاتووەتە ئاراوە. لەناو ئەم تەوژمی گۆڕانکارییەدا، ئاسیاسێڵ بەردەوام بووە لە پتەوکردنی پێگەی خۆی نەک تەنها وەک پێشەنگێک لە بواری پەیوەندییەکان، بەڵکو وەک بزوێنەرێکی سەرەکی لە بواری بەشداریی ئابووری، ڕەخساندنی دەرفەتی دیجیتاڵی بۆ هەمووان و گەشەپێدانی کۆمەڵگا.

لەگەڵ خێرابوونی خۆگونجاندن لەگەڵ وەرچەرخانی دیجیتاڵی و هاتنە ئارای دەرفەتی نوێ لە سەرانسەری وڵاتدا، پێویستیی بەردەستبوونی سیستەمێکی ڕێکخراو کە پشتیوانی تەواوی گەنجانی داهێنەر و کارسازان و کۆمەڵگا بێ خزمەتگوزارییەکان بکات ، تا دێت زیاتر و زیاتر دەبێت. ئاسیاسێڵ دان بەوەدا دەنێت کە پێشکەوتنی ماندار، بەدەر لە ژێرخانی دیجیتاڵی، پێویستی بە چەندین بناغەی دیکە هەیە، بەتایبەتیش وەبەرهێنان لە مرۆڤ و بیرۆکە و ڕەخساندنی ژینگەی لەبار تا ڕێگە خۆش بکەن لەبەردەم گەشەسەندنی ئەم بیرۆکانە.

لەسەر بنەمای ئەو بناغەیەی کە پێشتر دایڕشتووە، ئاسیاسێڵ کاریگەرییە نیشتمانییەکانی خۆی فراوانتر کردووە لە ڕێگەی کارنامەیەکی گشتگیر کە پێکهاتووە لە بەرنامەکانی بونیادنانی تواناکان، شەراکەتی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت، بەشداریی لە ژینگەی کارسازیی و دەسپێشخەرییە تەکنەلۆژییەکان. دەستپێشخەریی لەنێوان ساڵانی 2022 بۆ 2025دا، کۆمپانیای ئاسیاسێڵ ڕۆڵی خۆی چڕتر کردەوە لە پێگەیاندنی بەهرەمەندەکانی کارسازیی، پاڵپشتیکردنی بزنسە سەرەتاییەکان، بەرەوپێشبردنی بەشداری ئابووریی ژنان، پێشخستنی خوێندەواریی دیجیتاڵی و چالاککردنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە سەرانسەری پارێزگاکانی عێراقدا.

ئەم ڕاپۆرتە دیدگایەکی یەکگرتوو لە دەستپێشخەرییە سەرەکییە کارسازیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاسیاسێڵ دەخاتە ڕوو لە ماوەی ساڵانی 2022 بۆ 2025دا. هەروەها تیشک دەخاتە سەر هاوبەشییە ستراتیژییەکانی کۆمپانیاکە، ئەو چالاکییانەی لەژێر چەتری ئەم هاوبەشییانەدا ئەنجام دراون، وە هەر چیرۆکێکی سەرکەوتن کە لەم ساڵانەدا تۆمارکراون، ئەمەش پابەندبوونی درێژخایەن و بەردەوامی ئاسیاسێڵ دەردەخات لە بنیاتنانی داهاتووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی عێراق.

# تێڕوانینێکی گشتی بۆ پلاتفۆرمی ئەساس

ئەساس پلاتفۆرمی سەرەکیی ئاسیاسێڵە کە تایبەتە بەکارسازیی بەرەوپێشبردنی گەنجان، وە ئامانج لێی یەکخستنی هەموو بەرنامە و کاری هاوبەشیی و دەستپێشخەرییەکانی کۆمپانیاکەیە وە دامەزراوە بۆ پشتگیری لە داهێنان، پەرەپێدانی بازرگانی و بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی دیجیتاڵی.
ئامانج لە دروستکردنی پلاتفۆڕمی ئەساس ئەوەیە وەک ناوەندێکی نیشتمانی خزمەتی نەوەی داهاتوو بکات و ژینگەیەکی دیجیتاڵی دۆستانە بۆ بەکارهێنەران دابین بکات کە لە ڕێیەوە گەنجانی عێراقی دەستیان دەگات بە:

- خولی مەشقپێکردنی کارسازییی
- پاڵپشتیکردنی پەرەپێدانی بزنس
- پرۆگرامی کارامەیی تەکنیکی و دیجیتاڵی
- ئامڕازەکانی گەشەپێدانی خود
- وۆرکشۆپی ئامادەسازیی بۆ کارکردن
- ئەو دەرفەتانەی لەلایەن ئاسیاسێڵ و هاوبەشە ستراتیژییەکانییەوە پێشکەش دەکرێن

پلاتفۆڕمی ئەساس هەریەکە لە دەستپێشخەرییەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP)، (Orange Corners)، (Kapita Business Hub)، تەفاعول هەب، قاف لاب، ((Five One Labs (The Station، MSELECT)، ( وە گشت کاراکەرانی ژینگە کارسازییەکانی دیکە لەژێر چەتری یەک پلاتفۆرمی بەردەستدا کۆدەکاتەوە بە ڕەچاوکردنی  پێداویستییە پەرەسەندووەکانی گەنجانی عێراق.
لە ڕێگەی پلاتفۆرمی ئەساسەوە، ئاسیاسێڵ ئامانجی ئەوەیە نەوەیەکی بە توانای بواری دیجیتاڵی بەرهەم بهێنێت، لە هەمان کاتیشدا ئاستی داهێنانی نیشتمانی بەرەوپێش ببات و پشتگیری لە گەشەی ئابووری بکات لەسەر بنەمای دڵنیابوونەوە لەوەی هەموو چالاکییەکانی کارسازییی، تەکنەلۆژیا و مەشقپێکردن لە یەک چوارچێوەی گشتگیر و ناسراودا ڕێکخراون.

# فێرخوازان و دامەزراوە پەروەردەییەکان

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی پلاتفۆڕمی ئەساسدا، فێرخوازان و دامەزراوە پەروەردەییە بەشداربووەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەرەوپێشبردنی ئاستی گەیاندنی زانیاری و هۆشیاری دەربارەی سیستەمی کارسازیی و داهێنان..

لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە ئامادەبوونیان لە زانکۆکان و کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا، ئەم ئەکتەرانە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن بۆ بەستنەوەی گەنجان بە دەرفەتەکانی کارسازیی، بەرنامەکانی پەرەپێدانی تواناکان و تۆڕەکانی داهێنانەوە. دابەشبوونی جوگرافی و فرەچەشنی دامەزراوەیی ئەوان، دڵنیایی دەدات لەوەی کە دەستپێشخەرییەکانی کارسازیی دەگەنە توێژێکی بەرفراوانی گەنجانی عێراق.

تێڕوانینێکی گشتی بۆ فێرخوازان و دامەزراوە پەروەردەییەکان (زانیاری پشتگیری)

| ساڵ | فێرخواز (Intern) ی وەرگیراو لەلایەن ئاسیاسێلەوە |
|---|---|
| 2022 | 18 |
| 2023 | 37 |
| 2024 | 28 |
| 2025 | 36 |
| **کۆی گشتی** | **119** |

# پرۆگرامی مەشق و ڕاهێنانی پلاتفۆڕمی ئەساس و ئاهەنگی دەرچوون - لەسەر ئاستی وڵات

پرۆگرامی مەشقی پلاتفۆڕمی ئەساس یەکێکە لە دەستپێشخەرییە سەرەکییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی گەنجان لەلایەن ئاسیاسێڵەوە، کە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان فێربوونی ئەکادیمی و ئەزموونی پیشەیی جیهانی واقع داڕێژراوە. ئەم پرۆگرامە ساڵانە لە ڕێگەی پلاتفۆڕمی ئەساس و بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆکان لە سەرانسەری عێراقدا پێشکەش دەکرێت، پرۆگرامەکە بەرکەوتنی کردەیی فێرخوازان بە ژینگە تەکنیکی و بازرگانییەکانی ناو ئاسیاسێڵ  فەراهەم دەکات.

## بەشداربووانی ئەم پرۆگرامە بەشداری لە ڕاهێنانێکی ڕێکخراودا دەکەن لە سەرجەم بەشەکانی وەک

تەکنەلۆژیا، ئەزموونی کڕیار، سەرچاوە مرۆییەکان، بازارگەری و کارگێڕی. ئەم پرۆگرامە جەخت لە فێربوونی کردەیی، کاری پێکەوەیی، پەیوەندی، سەرکردایەتیکردن و داهێنان دەکاتەوە، بەم جۆرەش دەرچووان ئامادە دەکات بۆ چوونە ناو بازاڕی کار بە متمانە و لێهاتوویی تەواوەوە. هەر خولێک بە مەراسیمی دەرچوونی فەرمی کۆتایی دێت کە لە هەریەکە لە هەشت پارێزگاکە: بەغداد، بەسرە، هەولێر، سلێمانی، موسڵ، کەربەلا، کەرکوک و دهۆک بەڕێوەدەچێت و تێیدا فێرخوازان بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئاسیاسێڵ و نوێنەرانی زانکۆکان بڕوانامەی دەرچوونیان پێدەدرێت. پرۆگرامی مەشقی پلاتفۆڕمی ئەساس بەردەوامە لە خزمەتکردن و بووەتە بەردی بناغەی پابەندبوونی ئاسیاسێڵ بۆ بەرەوپێشبردنی گەنجان و ڕەخساندنی دەستی کار بۆ داهاتووی عێراق.

ژمارەی زانکۆکان بەشداریکردن بەپێی شار

| پارێزگا | ژمارەی زانکۆ بەشداربووەکان |
|---|---|
| سلێمانی | 21 |
| کەرکوک | 3 |
| هەولێر | 10 |
| موسڵ | 6 |
| دهۆک | 5 |
| تکریت | 2 |
| بەغداد | 8 |
| کەربەلا | 6 |
| بەسرە | 3 |
| **کۆی گشتی** | **64** |

تێڕوانینێکی گشتی بۆ ژمارەی فێرخوازانی مەشقی پلاتفۆڕمی ئەساس

| پارێزگا | ژمارەی زانکۆ بەشداربووەکان |
|---|---|
| سلێمانی | 268 |
| کەرکوک | 52 |
| هەولێر | 55 |
| موسڵ | 207 |
| دهۆک | 29 |
| تکریت | 17 |
| بەغداد | 56 |
| کەربەلا | 32 |
| بەسرە | 39 |
| **کۆی گشتی** | **755** |

# پوختەی هاوبەشە ستراتیژییەکان و تێڕوانینێکی گشتی بۆ داتاکان (2025–2022)

**هاوبەشە ستراتیژییە سەرەکییەکان 2022**

- بەرنامەی MSELECT لەگەڵ Orange Corners – هەولێر
- KAPITA Business Hub - Orange Corners ـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp – بەغداد

**هاوبەشە ستراتیژییە سەرەکییەکان 2023**

- بەرنامەیMSELECT لەگەڵ Orange Corners – هەولێر
- KAPITA Business Hub - Orange Cornersـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp – بەغداد

**هاوبەشە ستراتیژییە سەرەکییەکان 2024**

- بەرنامەی Five One Labs لەگەڵ Orange Corners – هەولێر
- KAPITA Business Hub - Orange Cornersـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp – بەغداد
- تەفاعول هەب بەسرە

**هاوبەشە ستراتیژییە سەرەکییەکان 2025**

- تەفاعول هەب – بەسرە
- قاف لاب – موسڵ

## (KAPITA Business Hub) (بەغداد) - تێڕوانینێکی گشتی بۆ پرۆگرامەکان (2024-2022)

| ساڵ | پرۆگرام | گروپ | کۆی گشتی داواکارییەکان | نێر | مێ | کۆی گشتی داواکارییە پەسەندکراوەکان | بزنسە سەرەتاییەکان بە سەرکردایەتیی پیاوان | بزنسە سەرەتاییەکان بە سەرکردایەتیی خانمان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2022 | Orange Corners | گروپ 4 | 313 | 232 | 81 | 20 | 11 | 9 |
| 2022 | Orange Corners | گروپ 5 | 512 | 372 | 140 | 21 | 15 | 6 |
| 2022 | ScaleUp Academy | گروپ 3 | 96 | 67 | 29 | 10 | 6 | 4 |
| 2023 | Orange Corners | گروپ 6 | 334 | 233 | 101 | 21 | 13 | 8 |
| 2023 | Orange Corners | گروپ 7 | 574 | 332 | 242 | 20 | 12 | 8 |
| 2023 | ScaleUp Academy | گروپ 4 | 121 | 76 | 45 | 9 | 6 | 3 |
| 2024 | Orange Corners | گروپ 8 | 456 | 294 | 162 | 18 | 10 | 8 |
| 2024 | Orange Corners | گروپ 9 | 313 | 201 | 112 | 18 | 11 | 7 |

Orange Corners لەگەڵ سەنتەری MSELECT (هەولێر) - تێڕوانینێکی گشتی بۆ گەیاندنی بەرنامە (لە دەستپێکردنی پرۆژەکەوە تا کۆتایی ساڵی 2023)

| یەکەکان | ژمارە |
|---|---|
| گروپ | 6 |
| بزنسە سەرەتاییە پاڵپشتیکراوەکان | 130 |
| خاوەنکارە سەرەتاییە پاڵپشتیکراوەکان | 150 |
| خولی مەشقپێکردنی پێشکەشکراو | 210 |
| کاتژمێرەکانی مەشق و ڕاهێنان | 630 |
| کاتژمێرەکانی ڕاهێنەرایەتی | 360 |
| بۆنە گشتییەکان | 42 |
| ماستەرکڵاسەکان | 60 |
| زانکۆکان لەگەڵ پرۆژەی ESAP | 5 |
| باڵیۆزەکان | 6 |
| داواکاری نێر | 1054 |
| داواکاری مێ | 316 |

Five One Labs لەگەڵ Orange Corners (هەولێر) تێڕوانینێکی گشتی بۆ گەیاندنی بەرنامە (2024)

| یەکەکان | 2024 (گروپی 7) |
|---|---|
| داواکاریی وەرگیراو | 346 |
| بزنسە بەشداربووەکان لە پرۆگرامی Ignite Pre-Incubator | 61 |
| بزنسە هەڵبژێردراوەکان بۆ پەرەپێدان | 19 |
| کارسازان | 19 |
| کۆی بەشداربووان (لەگەڵ هاودامەزرێنەران) | 35 |
| داواکاری مێ | 37% |
| خانمانی بەشداربوو لە پرۆگرامی پەرەپێدان | 42% |
| کۆی گەشەی کارمەند | 160% |
| ڕێژەی خانمان لە نێو دامەزراوانی نوێدا | 84.60% |
| خولی ڕاهێنانی پێشکەشکراو | 32 |
| تێکڕای ماوەی هەر ڕاهێنانێک | زیاتر لە 3 کاتژمێر |
| کاتژمێرەکانی ڕاوێژکاریی پاڵپشتیکار | 300 |
| کاتژمێرەکانی ڕاهێنەرایەتی | 133 |
| بەشداربووانی وۆرکشۆپی بڵاوکردنەوەی پرۆگرامەکە | 730 |

# تەفاعول هەب (بەسڕە) - تێڕوانینێکی گشتی بۆ گەیاندنی بەرنامە (2024-2025)

| ساڵ | پرۆگرام | بەشداربووان | نێر | مێ | ڕۆژ | کاتژمێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2024 | 9 | 1312 | %55 | %45 | 53 | 102 |
| 2025 | 9 | 1121 | %40 | %60 | 50 | 170 |
| **کۆی گشتی** | **18** | **2,433** | **%47.5** | **%52.5** | **103** | **272** |

# قاف لاب (موسڵ) – تێڕوانینێکی گشتی بۆ گەیاندنی بەرنامە (2025)

| ساڵ | پرۆگرام | بەشداربووان | نێر | مێ | ڕۆژ | کاتژمێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2025 | 26 | 853 | %50 | %50 | 168 | 279 |

# ساڵی 2022

# هاوبەشییە ستراتیژییەکان لە ساڵی 2022

- بەرنامەی MSELECT لەگەڵ (Orange Corners) (هەولێر)
- (KAPITA Business Hub) - (Orange Corners)ـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp (بەغداد)

## هاوبەشیی لەگەڵ Orange Corners لە ڕێگەی بەرنامەی MSELECT Business Hub- (هەولێر)

(Orange Corners Iraq) یەکێک بوو لە هاوبەشییە ستراتیژییە سەرەکییەکانی ئاسیاسێڵ لە ساڵی 2022دا، کە لە ڕێگەی بەرنامەیەکی گشتگیری گەشەپێدانەوە (Incubation Program) پاڵپشتیی کارسازە گەنجەکانی شاری هەولێری دەکرد، بە ئامانجی گۆڕینی بیرۆکە سەرەتاییەکان بۆ بزنسی سەرکەوتوو.
بەشداربووان خولی ڕاهێنانی چڕیان وەرگرت کە کارامەییە سەرەکییەکانی کارسازیی لەخۆگرتبوو، لەوانەش: فرۆشتن، بەبازاڕکردنی دیجیتاڵی، بەڕێوەبردنی دارایی، دیزاینی UI/UX، ناسنامەی براند، بەشی بینەر، بنەماکانی ژمێریاری، هونەری خستنەڕووی پرۆژە (Pitching) و لێکۆڵینەوە لە بازاڕ. هاوکات بەرنامەکەی هەولێر جەختی لە پێداویستییە بازرگانییە ناوچەییەکانی وەک بەڕێوەبردنی مەترسی، گونجاندنی بەرهەم لەگەڵ بازاڕ، پابەندیی یاسایی، ستراتیژییەکانی مانەوە و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئەدا (KPI) کردەوە. گروپێکی شارەزای پیشەگەر، باشترین کارسازە سەرکەوتووەکانیان دیاریکرد تاوەکو پاڵپشتیی درێژخایەنیان لە سەنتەری کاپیتا (Kapita)ـەوە پێشکەش بکرێت، تا لە ڕێیەوە مۆدێلی بازرگانی وردتر دابڕێژن و خۆیان بۆ چوونە ناو بازاڕ ئامادە بکەن.
ئاسیاسێڵ پاڵپشتی لە هەموو خولەکانی پرۆگرامەکە کرد، لەوانەش چالاکییەکانی دەستپێکردن، خولەکانی مەشقکردن و ئاهەنگەکانی دەرچوون، کە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی ئاسیاسێڵ بوو بە پەروەردەکردنی بەهرەی کارسازیی لە سەرانسەری عێراقدا.

## هاوبەشیی لەگەڵ (KAPITA Business Hub)- Orange Cornersـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp (بەغداد)

ئاسیاسێڵ بەردەوام بوو لە پشتگیریکردنی ئەکادیمیای ScaleUpـی کاپیتا (Kapita) و Orange Corners لە بەغداد کە بەرنامەیەکی هاوکاریکردنە بۆ بەرەوپێشبردنی بزنسە نوێیە بەهێزەکان و یارمەتیدانی دامەزرێنەران بۆ بەرفراوانکردنی کارەکانیان. خاوەنکارەکان ڕاهێنانی تایبەتمەندیان لە گەشەپێدانی بازرگانی، پلاندانانی ستراتیژی، پێکهاتەی دارایی، پەرەپێدانی کارکردن، بەبراندکردن و بەبازاڕکردن ئەنجامدا. لەگەڵ تەواوکردنی پرۆگرامەکە، خاوەن بزنسەکان سوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییەکانی دوای ڕاهێنان، لەوانەش پشتگیریی ڕیکلامکردن و پێشکەشکردنی هاوکاریی لە بواری مارکێتینگی دیجیتاڵیدا..لە ڕێگەی ئەکادیمیای ScaleUpـەوە، ئاسیاسێڵ بووە بەشێک لە بنیاتنانی ژینگەیەکی کارسازیی خۆڕاگر و پشتگیریکردنی پرۆژە نوێیەکان کە داهاتووی ئابووریی عێراق ئاڕاستە دەکەن.

# هاوبەشییە پاشکۆکان و دەستپێشخەرییە نیشتمانییەکان

## هەماهەنگی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) — پرۆسەی داهێنان "تێپەڕاندنی قەیرانەکان لە ڕێگەی AI"ـەوە

ئاسیاسێڵ پشتگیری لە پرۆسەی داهێنان کرد، تا کۆمپانیا عێراقییەکان بتوانن بەدواداچوون و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە کارەکانیاندا جێگیر بکەن. دەستپێشخەرییەکە هانی بازرگانەکانی دا تا مۆدێلی کاراتر و داهێنەرانەتر و خۆڕاگرتر لە بزنسەکانیاندا جێگیر بکەن لە بەرامبەر پەرەسەندنی بارودۆخی ئابووریدا.



## بە هاوکاری لەگەڵ پــرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان - UNDP، کەمپی ڕاهێنانی پرۆگرامسازیی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلە زیرەکەکان - موسڵ

ئاسیاسێڵ پشتگیری لە خولێکی چڕی تایبەتمەند کرد کە گرنگی بە پەرەپێدانی بەرنامەکانی IOS و Android دەدا لەسەر بنەمای چوارچێوەی هاوچەرخەکان. بەرنامەکە توانای ڕکابەریی بەشداربووانی بەهێزتر کرد لە ڕێگەی پڕچەککردنیان بە توانای پراکتیکی و سەردەمیانەی پرۆگرامسازیی کە گونجاون لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕدا.




## I.T لایف - بەغداد

ئاسیاسێڵ سپۆنسەری I.T لایفی کرد، کە کۆبوونەوەیەکی گەورەی تەکنەلۆژیایە و کۆمپیوتەری کڵاود، IoT، fintech، ژیریی دەستکرد و دیجیتاڵ مارکێتینگ پیشان دەدات. چالاکییەکە سەکۆیەکی بۆ خوێندکاران و پیشەگەرەکان ڕەخساند تا دەستیان بگات بە زانیاری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و تێڕوانینە نوێیەکانی تایبەت بە پیشەسازییەکە.



## TEDxNishtiman – هەولێر

ئاسیاسێڵ پشتگیری لە چالاکییە گەورەکەی TEDxNishtiman کرد کە وتاردەرانی لە بوارەکانی وەکو کارسازییی، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی سایبەری، گۆڕانی کەشوهەوا، داهێنان و بەرەوپێشبردنی گەنجانی تێدابوو. چالاکییەکە زیاتر لە 1000 ئامادەبووی لە خۆی کۆکردەوە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆ 10,000 بینەر لە سەرانسەری جیهاندا پەخشکرا. ئەم سپۆنسەرکردنە، پابەندبوونی ئاسیاسێڵی بەهێزتر کرد بۆ گەشەکردنی داهێنەرانە و هزری لەنێو گەنجانی عێراقدا.



## ڕاهێنانی I.T لایف فول ستاک

دوای سەرکەوتنی I.T لایف، ئاسیاسێڵ پشتگیری لە ڕاهێنانی پەرەپێدانی درێژخایەنی فول ستاک کرد بۆ سەدان گەنج، ئەمەش یارمەتی پڕکردنەوەی بۆشایی کارامەیی دیجیتاڵیدا و بووە هۆکار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی هێزی کار لە کەرتی تەکنەلۆژیادا.



## فێستیڤاڵی زانستی زانکۆی کەرکوک بۆ تەکنەلۆژیا و داهێنان

ئاسیاسێڵ سپۆنسەری بۆنەیەکی ئەکادیمی و زانستی گەورەی کرد کە پێشکەوتنەکانی بواری ژیریی دەستکرد و ئەندازیاریی کۆمپیوتەر و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و حکومەت نیشان دا و سەکۆیەکی بۆ ئاڵوگۆڕی توێژینەوە و داهێنان دابین کرد.



## وۆرکشۆپەکانی MoonHack – بەغداد و موسڵ

لە ڕێگەی هاوبەشییەکەی لەگەڵ Code Club، ئاسیاسێڵ وۆرکشۆپی تەکنەلۆژیای کارلێککاری بۆ خوێندکارانی ئامادەیی ڕێکخست، کە تێیدا ئاشنا کران بە ڕۆبۆتیک، پڕۆگرامسازیی، و بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆژیای ژینگەپارێزی.



## پێشانگاکانی نیشتمانی هەلی کار




ئاسیاسێڵ چالاکانە بەشداریی لە پێشانگاکانی کاردا کرد لە زانکۆ سەرەکییەکانی عێراق، لەوانەش: زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی (AUIS)، زانکۆی سەڵاحەدین، زانکۆی تیشک، زانکۆی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان لە بەغداد، و زانکۆی موسڵ. ئەم بەشدارییانە پاڵپشتی بوون بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و ئامادەکردنیان بۆ کاروانی پیشەییان.

## Speak Up Club – موسڵ




ئاسیاسێڵ پشتگیری لە دەسپێشخەرییەکی تایبەت بە پەیوەندیبەستن (Communication) کرد، بە مەبەستی یارمەتیدانی گەنجان بۆ باشترکردنی ئاستی زمانی ئینگلیزی و لێهاتووییەکانی قسەکردن لەبەردەم خەڵک؛ ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی وۆرکشۆپی کارلێککار دەربارەی بزنس، کارسازیی، پێدانی متمانە بە گەنجان، و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

## سەنتەری 'أثر الفراشة' بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی (Butterfly Impact) – موسڵ




سەنتەری 'أثر الفراشة' بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی، پرۆگرامێکی ڕاهێنانی گشتگیر و بەردەست بوو بۆ ژنان لە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری، بەمەش شارەزایی و مەعریفەی پڕ بایەخی بۆ دابینکردن لەم بوارەدا، کە بەخێرایی گەشەدەکات و پەرەدەسێنێت.
سەنتەرەکە دەرفەتێکی ناوازەی بۆ ژنان هێنایەپێش بۆ پێشکەوتن لە ژیانی پیشەییان لە بواری تەکنۆلۆژیادا، بە چاوپۆشی لە باری کۆمەڵایەتیی و ئابووری یان پاشخانی ڕۆشنبیرییان، ئەمەش بە ڕەخساندنی دەرفەتی دەستڕاگەیشتین بە ئینتەرنێتی خێرا و ئامێرە پێویستەکان.

## ڕۆژی جیهانی ژنان – بەغداد

بە هاوبەشیی لەگەڵ کاپیتا (Kapita)، ئاسیاسێڵ پاڵپشتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە تێیدا تیشک خرایە سەر سەرکردایەتی، داهێنان و ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە بەتواناکردنی ژنان. بەرنامەکە وۆرکشۆپ و پانێڵ و دەرفەتی دروستکردنی پەیوەندی لەخۆگرتبوو.




## تواناسازیی میدیا و ڕۆژنامەگەریی

ئاسیاسێڵ وۆرکشۆپی ڕۆژنامەگەریی لە کەربەلا و سلێمانی و بەسرە ڕێکخست و سپۆنسەری کرد، کە تێیدا خولی ڕاهێنانی دەربارەی ئاسایشی سایبەری، ڕۆژنامەگەریی دیجیتاڵی، تواناکانی پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی، ئامادەکردنی ناوەڕۆک، و پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی میدیا پێشکەش کرد.



## کۆنفرانسی سەنتەری ڕافیدەین بۆ دیالۆگ – بەغداد

ئاسیاسێڵ وەک سپۆنسەری سەرەکیی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی گەورە بەشدار بوو کە تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و لێکەوتەکانیان لەسەر عێراق. چالاکییەکە هەزاران بەشداربووی لەخۆگرتبوو، لەوانە کەسایەتییە سیاسییەکانی جیهان، شارەزایان، کەسانی ئەکادیمی و سەرکردە دیارەکان.



Asiacell
کۆماندەکاتەوە

# چیرۆکی سەرکەوتنی ساڵی 2022




## مارۆ - Green Gold

**کارسازێکی گەنجی خەڵکی بەغدادە کە خولیا و شەیدایی خۆی بۆ پاراستنی ژینگە وەرچەرخاند بۆ پڕۆژەی (Green Gold)؛ کە پڕۆژەیەکی نوێیە و تایبەتە بە دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشماوە ئۆرگانییەکان و گۆڕینیان بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی.**

بە پاڵپشتی Orange Corners و ئاسیاسێڵ، مارۆ توانی کارامەییەکانی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی بزنسدا بەهێز بکات و کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگەکەی دروست بکات. دەستپێشخەریی هەوڵەکانی مارۆ تەنها لە چوارچێوەی کاری بازرگانیدا نەبوو، بەڵکو پەروەردەی ژینگەیی، پشتگیری کۆمەڵگا و هەڵمەتە بەرفراوانەکانی چاندنی درەختی لەخۆگرتبوو، ئەمەش وایکرد ببێتە یەکێک لە ئیلهامبەخشترین چیرۆکەکانی سەرکەوتنی عێراق بۆ خۆڕاگریی گەنجان و توانای داهێنانیان.

# ساڵی 2023

# هاوبەشییە ستراتیژییەکان لە ساڵی 2023

- سەنتەری MSELECT لەگەڵ Orange Corners (هەولێر)
- Orange Corners - Kapita Business Hubـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp (بەغداد)

## هاوبەشیی لەگەڵ Orange Corners لە ڕێگەی MSELECT Business Hub - (هەولێر)



Orange Corners بەردەوام یەکێک بووە لە هاوبەشییە سەرەکییە گەشەپێدەرەکانی ئاسیاسێڵ ، کە کار بۆ پەرەپێدانی بزنسە نوێکانی گەنجان لە هەولێر دەکەن. لە ڕێگەی چەندین خولی جیاوازەوە، ئاسیاسێڵ پشتگیری لە دامەزرێنەرە گەنجەکان کرد لە قۆناغی گەشەپێدانی بیرۆکەکانیانەوە تا گەیشتن بە قۆناغی ئامادەیی بۆ بازاڕ.
پرۆگرامەکە وۆرکشۆپی پسپۆڕیی پێشکەش کرد دەربارەی:

بەڕێوەبردنی دارایی، فرۆشتن، دیاریکردنی جۆری بەکاربەران، مارکێتینگی دیجیتاڵی، دیزاینی UI/UX، بنەماکانی ژمێریاری، پەرەپێدانی هونەری خستنەڕووی پرۆژە، و مۆدێلی کارسازیی (Business Model Canvas).خولەکان لە هەولێر ڕەنگدانەوەی پێداویستییە ناوچەییەکان بوون، کە تیشکیان خستە سەر پابەندبوون، پلاندانانی دارایی، پێداویستییە سەرەکییەکانی سەرچاوە مرۆییەکان، گونجاندنی بەرهەم لەگەڵ بازاڕ، مانەوەی کڕیار، پلاندانانی بازرگانی و ستراتیژییەکانی خۆڕاگریی. ئاسیاسێڵ سپۆنسەری تەواوی چالاکییەکانی دەستپێکردن، وۆرکشۆپەکان و بۆنەکانی دەرچوونی کرد، ئەمەش جەختکردنەوە بوو لەسەر پابەندبوونی درێژخایەنی کۆمپانیاکە بە پەرەپێدانی کارسازیی و پشتگیریکردنی گەشەپێدانی ئابووریی گشتگیر لە سەرتاسەری عێراقدا.

## هاوبەشیی لەگەڵ Kapita Business Hub و Orange Cornersـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp (بەغداد)




ئەکادیمیای ScaleUp و Orange Corners کە لەلایەن ئاسیاسێڵەوە لە بەغداد پاڵپشتی دەکرا، ڕاهێنانی خێرای گەشەکردنیان بۆ کۆمپانیا دەستپێشخەرە دامەزراوەکان ڕێکخست کە دەیانەوێت لە بازاڕە کێبڕکێکارەکاندا گەورە ببن.

بە درێژایی پرۆگرامەکە، کارسازان ڕاوێژی کەسییان لە کەسانی بە ئەزموون وەرگرت لە هەریەکە لە بوارەکانی پلاندانانی ستراتیژی، بەبراندکردن، بەبازاڕکردن، بەڕێوەبردنی کارەکان و دارشتنی دارایی. بزنسە دەرچووەکان سوودمەند بوون لە خزمەتگوزارییە درێژخایەنەکانی بەبراندکردن و ڕیکلام کە لە ڕێگەی سپۆنسەری ئاسیاسێڵەوە پێشکەش دەکران، ئەمەش یارمەتیدەریان بوو بۆ بەهێزکردنی دەرکەوتنیان لە بازاڕ و باشترکردنی ئاستی کارکردنیان. ئەم هاوبەشییە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بنیاتنانی ژمارەیەک بزنسی خۆڕاگرتر و ئامادەتر لە عێراقدا.

## هاوبەشییە پاشکۆکان و دەستپێشخەرییە نیشتمانییەکان هاوبەشیی گونجاندنی هەلی کاری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) - کەربەلا



ئاسیاسێڵ هاوکارییەکانی لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان نوێکردەوە لە ڕێگەی پرۆژەی گونجاندنی هەلی کارەوە، کە بۆ گونجاندنی تواناکانی دەرچووان لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کاردا داڕێژراوە. دەستپێشخەرییەکە توانای دامەزراندنی گەنجانی بەهێزتر کرد لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ڕاهێنانی پراکتیکی تایبەتمەند و پەروەردەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی کەرتی تایبەت.

## دۆزینەوەی ئایندەی چارەسەرەکانی ICT و ئاسایشی سایبەری- بەغداد




ئاسیاسێڵ میوانداریی کۆنفرانسی گەورەی بازرگانی و ICTـی کرد، کە نوێترین پێشکەوتنەکانی کۆمپانیاکەی لە بواری خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان، چارەسەرەکانی بازرگانی و تەکنەلۆژیای ئاسایشی سایبەری خستەڕوو. ئەم چالاکییە وەک پلاتفۆرمێکی هەماهەنگی، بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار و بڕیار بەدەستانی کەرتی تایبەتی لە سەرتاسەری عێراق کۆکردەوە.

## پێشانگای CEMEX - سلێمانی



ئاسیاسێڵ سپۆنسەری پێشانگایەکی گەورەی پەیوەندییەکان و میدیای کرد، کە بەرپرسانی ناوخۆ، پێشڕەوانی کەرتی تایبەت و داهێنەرانی بواری تەکنەلۆژیای ICT کۆکردەوە بۆ پیشاندانی پێشکەوتنەکانیژێرخانی.

## بەرنامەی ڕاهێنانی TEDxNishtiman– هەولێر

براندی YOOZـی ئاسیاسێڵ پشتگیری لە بەرنامەیەکی چڕوپڕی ڕاهێنانی گەنجان کرد و بەشداربووانی بە لێهاتوویی بەڕێوەبردنی پرۆژە و هاندانی چارەسەرکردنی کێشە و سەرکردایەتی داهێنەرانە ئاشنا کرد. کاری هاوبەشیی لەگەڵ TEDxNishtiman تیشکی خستە سەر پابەندبوونی ئاسیاسێڵ بە بنیاتنانی کارامەیی، فێربوونی بەردەوام و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ نەوەی داهاتووی عێراق، کە لەڕێگەیەوە ڕۆڵی خۆی وەک هاندەرێک بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاری ئەرێنی لە وڵاتەکەدا پتەوتر کرد.







## TEDxNishtiman– هەولێر

ئاسیاسێل پشتگیریی چالاکییەکی پێشەنگی TEDxNishtimanـی کرد، کە تێیدا دەرفەتی بۆ داهێنەران و گەنجانی خاوەن بیرۆکە ڕەخساند تا بیرۆکە وەرچەرخێنەرەکانیان بخەنە ڕوو وە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی بەرفراوانتری کارسازیدا دروست بکەن. چالاکییەکە سەکۆیەکی زیندوو بوو بۆ کارسازانی گەنج، داهێنەران و خاوەن بیرۆکە جیاوازەکان تاوەکو بیرۆکەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن، فێربن و تۆڕی پەیوەندییەکانیان فراوان بکەن.

## ITEX – پێشانگای
## نێودەوڵەتی ICT عێراق – بەغداد

ئاسیاسێڵ وەک سپۆنسەری سەرەکی ڕۆڵی خۆی لە پێشخستنی خزمەتگوزاریی پەیوەندییەکان، ژێرخانی ئینتەرنێتی خێرا و دەستپێشخەرییەکانی وەرچەرخانی دیجیتاڵی لە سەرانسەری وڵاتدا گێڕا.






## پێشانگای هەلی کار لە زانکۆکان لە سەرانسەری عێراق

ئەم چالاکییە چەندین کۆمپانیا و ڕێکخراو و سەنتەرەکانی پەرەپێدانی پیشەیی سەر بە زانکۆکانی کۆکردەوە و دەرفەتی ڕەخساند بۆ دەرچووانی گەنج بۆ گەڕان بەدوای بازاڕی کار و تێگەیشتن لە چاوەڕوانییەکانی خاوەنکار وە دەرخستنی تواناکانیان. لە ڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان کارخوازان و خاوەنکارەکان، پێشانگاکە هانی ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردنی ئارام و پشتگیری لە یەکگرتن لە هێزی کاردا کرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی ئاسیاسێڵ بوو بۆ بەرەوپێشبردنی گەنجان و زەمینەی پیشەیی لە عێراقدا.

ئاسیاسێڵ بەشداری پێشانگاکانی هەلی کار کرد لە:

- زانکۆی سلێمانی
- زانکۆی سەڵاحەدین
- زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان
- زانکۆی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان - بەغداد
- زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک - هەولێر

## ڕۆژی جیهانی ژنان - بەغداد

ئاسیاسێڵ بەشداری لە چالاکییەکی نیشتمانیدا کرد کە تیشکی خستە سەر گرنگی ژنان و کچان لە ICT و بەرنامەکانی بەتواناکردنی دیجیتاڵی کۆمپانیاکە و جەختی کردەوە لە دەستگەیشتن بە دەرفەتەکان بە یەکسانی.



## ڕاهێنانی کارامەیی مایکرۆسۆفت بۆ خانمان - موسڵ

بە هاوکاری ڕێکخراوی al-Ola، ئاسیاسێڵ خولێکی ڕاهێنانی بۆ خانمانی گەنج کردەوە سەبارەت بە ئامرازە سەرەکییەکانی مایکرۆسۆفت سۆفتوێر، ئەمەش وای لێکردن بتوانن کارامەیی دیجیتاڵی بەهێزتر بۆ دامەزراندن لە داهاتوودا بنیات بنێن.




## چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی GIS - بەغداد

ئاسیاسێڵ پاڵپشتی لە کۆنفرانسی گەورەی GIS کرد کە لە پەرەپێدانی شارە زیرەکەکان و ستراتیژییە نیشتمانییەکان بۆ سیستەمی زانیاری جوگرافی دەکۆڵێتەوە.



# چیرۆکی سەرکەوتنی ساڵی 2023



## نورەدین (Kabina)

**گەشتەکەی نورەدین لە منداڵێکی بە پەرۆشەوە کە سەرسام بووە بە ئەلیکترۆنیات بۆ بوون بە دامەزرێنەری کۆمپانیای Kabina، کە پرۆژەیەکی ئەندازیاری کارەباییە و لە گەشەکردندایە، وەک یەکێک لە ئیلهامبەخشترین چیرۆکەکانی سەرکەوتنی ساڵی 2023 هەژمار دەکرێت.**

کۆمپانیای Kabina تایبەتمەندە لە بوارەکانی کارایی وزە، سیستەمی سمارت میتەر، چارەسەری AHF، پلاتفۆرمی EMS و تەکنەلۆژیای بیناسازیی زیرەک کە بەفیڕۆدانی وزە کەمدەکاتەوە و ئاستی متمانەپێکردن باشتر دەکات. لەڕێگەی ئەکادیمیای ScaleUpـی ئاسیاسێڵەوە، نورەدین خولی مەشق و پشتگیریی دارایی و دەستگەیشتن بە تۆڕە پیشەییەکانی وەرگرت، ئەمەش گەشەی کۆمپانیاکەی خێراتر کرد. کارەکانی Kabina ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی بەردەوامیی وزەی عێراق و دەری خست کە چۆن پشتیوانی ستراتیژی دەتوانێت خولیای کەسیی بگۆڕێت بۆ کاریگەرییەکی نیشتیمانی.

# ساڵی 2024

# هاوبەشییە ستراتیژییەکان لە ساڵی 2024

- Five One Labs لەگەڵ Orange Corners (هەولێر)
- Kapita Business Hub - Orange Cornersـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp (بەغداد)
- تەفاعول هەب (بەسڕە)

## هاوبەشیی لەگەڵ Orange Corners
## لە ڕێگەی Five One Labs Business Hub - (هەولێر)

لە ساڵی 2024 کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بەردەوام بوو لە هاوبەشی ستراتیژی خۆی لەگەڵ Orange Cornersـی هەولێر، لەم چوارچێوەیەشدا پاڵپشتی لە پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی بزنسە سەرەتاییەکان و خێراکردنیان لە هەولێر کرد. لە میانی کار و چالاکییەکانی پلاتفۆرمی ئەساس و بە هاوکاری لەگەڵ باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەی هۆڵەندا، ئاسیاسێڵ بووە بەشێک لە بەرەوپێشبردنی توانای بزنسە نوێکان لە بوارە سەرەکییەکانی بازرگانی و سەرکردایەتیدا.

# چالاکییە سەرەکییەکانی Orange Corners بریتی بوون لە:

## بەرنامە هاندەر و پەرەپێدەرەکانی بزنسی Orange Corners




ئاسیاسێڵ پشتگیری لە چەندین گروپی Orange Corners کرد، کە تێیدا پشتگیری لە پەرەپێدانی بزنس و خێراکردنی پرۆژەکە کرد، هەروەها پشتگیری کرد لە دەستگەیشتن بە شوێنەکانی کارکردن، ڕاهێنانپێکردن و خولی مەشقپێکردنی سەرکردایەتی کە لەلایەن کەسانی شارەزاوە گوترانەوە و مەبەست لێی یارمەتیدانی دامەزرێنەران بوو تا لەوڕێگەیەوە بزنسەکان ڕێکبخەنەوە و وەک مۆدێلێکی بازرگانی قەبارەی پێدان.

## خولەکانی ناساندن و ئاڕاستەکردن




چەند وانەیەکی پێشەکی پێشکەش کران بە مەبەستی ئامادەکردنی بەشداربووانی خاوەن بیرۆکەی بزنس بۆ دەستپێکردنی گەشتی پەرەپێدانی بزنس کە تێیدا ئامانجەکانی بەرنامە، پێشبینییەکان و بنەما سەرەکییەکانی کارسازیی خرانەڕوو.

## زنجیرەی ڕاهێنانی بازرگانی




بەشداربووان ڕاهێنانی چڕوپڕی بازرگانییان وەرگرت لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی دارایی، بەبازاڕکردن، پلاندانانی پرۆژە، پابەندبوون، ستراتیژییەکانی گەشەکردن، هونەری خستنەڕووی پرۆژە (pitching)و خۆڕاگریی بازرگانی.




## وۆرکشۆپەکانی دروستکردنی تیم، بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی

وۆرکشۆپە تایبەتمەندەکان تیشکیان خستە سەر پەرەپێدانی تواناکانی سەرکردایەتی، پێکهاتەی تیم، پراکتیکەکانی بەڕێوەبردنی ناوخۆیی و بڕیاردانی کاریگەر بۆ دامەزرێنەرانی بزنسی نوێ.

## مۆدێلەکانی بازرگانی و وۆرکشۆپەکانی گونجاویی بەرهەم لەگەڵ بازاڕ


خولە کارلێککارەکان ڕێگەی بە بزنسە سەرەتاییەکان دا کە مۆدێلی بازرگانی وردتر دابڕێژنەوە، گریمانەکان پشتڕاست بکەنەوە و ئۆفەرەکانیان لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕ و چاوەڕوانییەکانی کڕیاردا ڕێکبخەن.

## وۆرکشۆپەکانی بەبازاڕکردنی دیجیتاڵی

خاوەن بزنسە نوێیەکان لەسەر ستراتیژییەکانی بازرگانی دیجیتاڵی ڕاهێنران بۆ بەرەوپێشبردنی دەرکەوتنی ئۆنلاین ، گەیشتن بە ئامانجەکان و بەتواناکردنی پێگەی براندەکەیان.


## خولەکانی تایبەت بە ڕاهێنان لەسەر توێژینەوە لە بازاڕ

خولەکانی ڕاهێنان جەختیان کردەوە سەر میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەی بازاڕ، شیکردنەوەی ڕەفتاری بەکارهێنەر، و بڕیاردانی بنەمادار بە داتا بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی گەشەی بەردەوامی بازرگانی.



## وۆرکشۆپەکانی ستراتیژیی فرۆشتن و چوونە ناو بازاڕ

وۆرکشۆپەکان کە سەرنجیان لەسەر فرۆشتن بوو، خاوەن بزنسە سەرەتاییەکانیان ئاشنا کرد بە تەکنیکە پراکتیکییەکان بۆ بەدەستهێنانی کڕیار، گفتوگۆ، داخستنی گرێبەستەکان و پلاندانانی بنچینەیی چوونە ناو بازاڕ.



## وۆرکشۆپەکانی پەرەپێدانی بەرهەم

لە خولەکاندا باس لە تەواوی سووڕی پەرەپێدانی بەرهەم کرا، لەوانەش دۆزینەوەی بیرۆکە، نموونەسازیی، تاقیکردنەوەی بەکارهێنان، یەکخستنی فیدباک و ئامادەکاری پێش خستنەبازاڕ.



# وۆرکشۆپەکانی بەڕێوەبردنی زنجیرەی دابینکردن

خاوەن بزنسە نوێیەکان بەدواداچوونیان کرد بۆ سووڕی زنجیرەی دابینکردن، دروستکردنی بەها و کارایی کارکردن کە پەیوەندییان بە گەورەکردنی بزنسەکانیانەوە هەبوو.

## هاوبەشی لەگەڵ KAPITA Business Hub - Orange Cornersـی عێراق و ئەکادیمیای ScaleUp (بەغدا)

کۆمپانیای ئاسیاسێڵ لە ساڵی 2024 لە ڕێگەی پلاتفۆرمی ئەساسەوە هەماهەنگییەکانی لەگەڵ KAPITA Business Hub لە بەغداد بەهێزتر کرد، ئەمەش بە ئامانجی پشتگیری لە هاوبەشیکردنی زانیاری و دیالۆگی تایبەت بە کەرتە جیاوازەکان، و دەستپێشخەرییەکانی هۆشیاریی وەبەرهێنان.

# چالاکییە سەرەکییەکان:

## کۆبوونەوەی بازرگانی بە سپۆنسەری ئاسیاسێڵ

زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بازرگانی سەکۆی دروستکردنی پەیوەندی و گفتوگۆیان لە نێوان خاوەنکارە تازەکان، کارگێڕان و پسپۆڕانی پیشەسازیدا دروستکرد، لەوانەش:

- EmpowHer Meet-Up، پێشخستنی کارسازیی ژنان و یەکسانی جێندەری
- بەرەوپێشبردنی کەرتی FMCG لە عێراق، لێکۆڵینەوە لە ئاڵنگارییەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و دەرفەتەکانی بازاڕ
- ئاسۆی چاودێریی تەندروستی، لێکۆڵینەوە لە داهێنان و چاکسازی ڕێکخراوەیی لەناو کەرتی دەرمانسازیدا




## سیمینارەکانی تایبەت بە وەبەرهێنان

سیمینارەکان تیشکیان خستە سەر ڕۆڵی وەبەرهێنەرە گەورەکان و تۆڕی وەبەرهێنەرانی عێراقی (IAIN)، کە پاڵپشتی بزنسە سەرەتاییەکانیان دەکرد لە تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی وەبەرهێنان و دەرفەتەکانی گەشەکردن.



## هاوکاری دیجیتاڵی بۆ عێراق

ئاسیاسێڵ سپۆنسەری کۆبوونەوەیەکی لەسەر ئاستی نیشتمانی کرد کە تیایدا تیشک خرایە سەر وەرچەرخانی دیجیتاڵی، هاوبەشیی گشتی و تایبەت و ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە گەشەپێدانی ئابووریدا.




Asiacell

## پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگا و تواناکانی میدیا




ئاسیاسێڵ پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکانی ڕاهێنانی ڕۆژنامەگەری دیجیتاڵی و میدیا کرد بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی توانای چیرۆکگێڕانەوە، شیکاری داتا و بەشداریکردنی دیجیتاڵی بەرپرسیارانە لەناو ئابووری دیجیتاڵیدا.

## هاوبەشیی لەگەڵ تەفاعول هەب - بەسرە

کۆمپانیای ئاسیاسێڵ لە ساڵی 2024 هاوبەشییەکانی لەگەڵ تەفاعول هەب لە بەسرە بەرفراوانتر کرد و کۆمەڵێک دەستپێشخەریی فراوانی کارسازیی، پەرەپێدانی کارامەیی و دیجیتاڵی پێشکەش کرد کە بەگوێرەی پێویستیی گەنجان لە باشووری عێراق دارێژرابوون.

## کۆنفرانسی کارسازییی تەفاعول هەب




کۆنفرانسێکی سەرەکییە کە تێیدا ئاهەنگ ساز کرا بەبۆنەی دەستکەوتی کارسازیی، تازەگەری و داهێنانەوە و لە هەمان کاتیشدا وتار و وۆرکشۆپ و دەرفەتی دروستکردنی پەیوەندی ڕەخسێندرا.

## ووركشۆپەکانی توێژینەوە لە بازاڕ

ووركشۆپەكان بەشداربووانیان ئاشنا كرد بە بنەماكانی توێژینەوە لە بازاڕ، بڕیاردان لەسەر بنەمای داتا و بەكارهێنانی بازرگانی جیهانی واقعی.




## ووركشۆپەکانی تایبەت بە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی پڕۆژە و فرۆشتن

ووركشۆپەكانی بنیاتنانی توانا سەرنجیان خستە سەر پەرەپێدانی سەركردایەتی، بنەماكانی بەڕێوەبردنی پڕۆژە و تەكنیكەكانی فرۆشتنی پراكتیكی بۆ پشتگیریكردن لە گەشەی سەرەتایی.




## بەرنامەی پەرەپێدانی سۆفتوێر

بەرنامەیەكی ڕاهێنانی ڕێكخراوە كە سەرنجی لەسەر بنەماكانی پرۆگرامسازیی، پەرەپێدانی فرۆنت-ئێند (Front-end)و دیزاینی ڕووكار بوو، بە مەبەستی بەرزكردنەوەی دەرفەتی دامەزراندنی گەنجان.

## کۆڕبەندی چیرۆکی براندەکان

لە خولەکانی گێڕانەوەی چیرۆک لەلایەن کارسازانەوە تیشک خرایە سەر ئاستەنگەکان، ستراتیژییەکان، و چیرۆکە سەرکەوتووەکان لە چوارچێوەی ژینگەی بازرگانیی عێراقدا.




## تەفاعول - پۆدکاستەکەی هەب کاست

پۆدکاستێکی عێراقی سپۆنسەرکرا بوو کە بەدواداچوونی بۆ گەشتەکانی ژیانی واقعی بزنسە نوێیەکان، ئەزموونەکانی پەرەپێدانی بەرهەم و ئالنگارییەکانی بازاڕی کار دەکرد لە ڕێگەی گفتوگۆی پسپۆڕانەوە.




## بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێڕەوی پیشەیی

خولەکان پشتگیریان لە فێرخوازان کرد لە گەڕان بەدوای پیشە، ناسینەوەی کارامەیی، پەرەپێدانی سیڤی و تێگەیشتن لە چاوەڕوانییەکانی بازاڕی کار.

# دەستپێشخەرییەکانی دیکە لەسەر بنەمای هاوبەشیی

## پێشانگای هەلی کار لە زانکۆکانی عێراق ئاسیاسێڵ بەشداری پێشانگای هەلی کاری کرد لە:


پێشانگاکە کارسازان و ڕێکخراوەکان و ناوەندەکانی پەرەپێدانی پیشەی زانکۆکانی کۆکردەوە بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی پیشەیی بەنرخ بۆ دەرچووانی گەنج. لە هەمان کاتیشدا سەکۆیەکی دابین کرد بۆ ئاڵوگۆڕی تێڕوانینەکان، نیشاندانی لێهاتوویەکان و دروستکردنی پەیوەندیی پیشەیی. ئەم ژینگە هاوبەشە، نەک هەر هاندەر بوو بۆ دانانی ڕێڕەوێکی گونجاوی تایبەت بە دامەزراندن، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی ئاسیاسێڵیش بوو بۆ بەرەوپێشبردنی گەنجان و پشتگیریکردن لە پەرەپێدانی هێزی کار لە داهاتووی عێراق.




زانکۆی نۆلج لە هەولێر




زانکۆی کوردستان لە هەولێر



زانکۆی تەکنەلۆژیا لە بەغداد


## وۆرکشۆپەکانی کارسازیی پلاتفۆڕمی ئەساس

ئاسیاسێل چەندین وۆرکشۆپی کارسازیی لە زانکۆکانی پارێزگا جیاجیاکانی عێراق ڕێکخست، بە مەبەستی فێرکردن و پێدانی کارامەیی بە فێرخوازان و کارسازانی تازەپێگەیشتوو لە بوارەکانی پەرەپێدانی پرۆژە، پلاندانانی بازرگانی، بەبازاڕکردن، بەڕێوەبردن، و دابینکردنی دارایی، لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاهێنانی پراکتیکی و شیکردنەوەی نموونە زیندووەکانی بازاڕەوە.



## هەفتەی جیهانی کارسازیی (GEW)

ئاسیاسێڵ وەک سپۆنسەرێکی فەرمی بەشداری لە چالاکییەکانی هەفتەی جیهانیی کارسازیی کرد، ئەمەش لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی پلاتفۆرمی ئەساس و بە هاوبەشیی لەگەڵ دەزگای میدیا و پەیوەندییەکان (CMC) و بە هەماهەنگی لەگەڵ چەندین هاوبەشی ناوخۆیی ژینگەی کارسازیی. دەستپێشخەرییەکە پشتگیری لە کولتووری کارسازیی و داهێنانی دیجیتاڵی کرد لە پێنج شاری گەورەی عێراق: بەغداد، موسڵ، بەسرە، هەولێر و سلێمانی، بە ئامانجی بەشداریکردنی کارسازان، گەنجان و هاوبەشە ناوخۆییەکانی ژینگەی بازرگانی. چالاکییەکانی GEW تیشکیان خستە سەر تەوەرە سەرەکییەکان، لەوانەش ژیریی دەستکرد، بازرگانیی ئەلیکترۆنی، وەرزشی ئەلیکترۆنی و ڕۆڵی ژنان لە بازرگانیدا، لەگەڵ بەشداریکردنی کارسازان، پێشڕەوانی بازرگانی، خوێندکاران، داهێنەران و وتاردەرانی ژینگەی بازرگانی کارسازیی عێراق.





## Startup Grind لە بەغداد

ئاسیاسێڵ وەک سپۆنسەری ستراتیژی بۆ چالاکییەکی Startup Grind بەغداد ڕۆڵی گێڕا کە تێیدا گرنگی بە بەرەوپێشبردنی ژینگەی بزنسی نوێ و داهێنان لە عێراق درا. ئەم دەستپێشخەرییە کارسازانی بە وەبەرهێنەران، بڕیاردەران و سەرکردەکانی بواری کارسازیی بەستەوە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و گفتوگۆوە.
گفتوگۆکان تیشکیان خستە سەر دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی زەمینەی کارسازیی عێراق. لە ڕێگەی ئەم سپۆنسەرییەوە، ئاسیاسێڵ پشتگیری لە هاوکاری و داهێنان و گەشەی بەردەوامی کارسازیی کرد.



# پێشانگای کارسازیی ڕیادە




ئاسیاسێڵ سپۆنسەری تایبەتی پێشانگای نیشتمانی کارسازیی بوو لە چوارچێوەی دەستپێشخەریی ڕیادەی سەرۆک وەزیران، کە تێیدا داهێنانەکان خرانە ڕوو و "لەیلا" وەک یەکەم خزمەتگوزاری پاڵپشتی کڕیاران بە ژیریی دەستکرد لەسەر ئاستی عێراق ناسێنرا.

# چیرۆکی سەرکەوتنی ساڵی 2024

## حەنین عادل (Nabu Studio)

**حەنین عادل لە پیشەی دەرمانسازییەوە وەرچەرخانی ئەنجامدا و پەرۆشییەکەی بۆ یارییە تەختەییەکان وایکرد دوای خولیاکەی بکەوێت و Nabu Studio دابمەزرێنێت، کە یەکەم پلاتفۆرمی تایبەتمەندە لە عێراق بۆ بەرهەمهێنانی یاریی تەختە و کارتەکان.**

ئەم دامەزراندنە لەلایەن Orange Corners وئاسیاسێڵەوە پشتگیریی کرا و دەستپێشخەرییەکەی گەورە کرد بۆ بزنسێکی سەرکەوتوو کە زیاتر لە 60 یاری هەڵبژێردراوی لەخۆگرتبوو، کە ئەزموونی یاریکردنی پەروەردەیی و بۆنەی یاریکردنی بۆ کۆمپانیاکان پێشکەش دەکرد.Nabu Studio لقی فەرمی لە شارەکانی کەربەلا و حیللە کردەوە، و لە ئێستاشدا کار بۆ فراوانبوون بەرەو شارەکانی ئەنبار و بەسرە دەکات. هەروەها بەشداری کرد لە چەندین دەستپێشخەریی خۆبەخشانەی یاریی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی، کە ڕۆڵیان هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی کولتووری و برەودان بە بەشداریی کۆمەڵایەتی. گەشتەکەی حەنین ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ئەو پاڵپشتییانەیە کە لەناو ژینگەی بازرگانیدا دەکرێن بۆ بەهێزکردنی داهێنانەکان بە سەرکردایەتی گەنجان لە عێراقدا.



# ساڵی 2025

# هاوبەشییە ستراتیژییەکان لە ساڵی 2025

- تەفاعول هەب (بەسرە)
- قاف لاب (موسڵ)

## هاوبەشیی لەگەڵ تەفاعول هەب – بەسرە

لە ساڵی 2025 هاوبەشییەکانی ئاسیاسێڵ لەگەڵ تەفاعول هەب گەشەی کرد و بوو بە هاوبەشییەکی بەهێزی بنەمادار بە ژینگەی بازرگانی بە ئامانجی ناساندنی پارێزگای بەسرە وەک ناوەندێکی داهێنان بۆ گەنجان لە باشوور. لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی پلاتفۆرمی ئەساسدا، هاوبەشییەکە پەرەپێدراوێکی دەوڵەمەندتری ساڵی پێشوو بوو، بە جۆرێک کە ئەزموونەکان پەرەیان سەند بۆ دروستکردنی زنجیرەیەکی بەردەوام لە فێربوونی کارسازیی، تاقیگە داهێنەرەکان، و پرۆگرامە ئاراستەکراوەکان بەرەو بازار.
لەبری ئەوەی تەنها وەکو ناوەندێکی پەرەپێدانی بزنسە سەرەتاییەکان مامەڵە بکات، تەفاعول هەب بوو بە بزوێنەرێکی داهێنەر کە لە ڕێگەیەوە ئاسیاسێڵ پشتگیری لە کارسازان، پیشەگەرە دیجیتاڵییەکان و خوێندکارانی زانکۆ دەکرد بۆ بەرەوپێشبردنی کارامەیی پراکتیکی، ڕێنماییکاریی و فێربوونی بنەمادار بە کۆمەڵگە.


## دیارترین بەرنامە و چالاکییەکان:

### وۆرکشۆپی بنەماکانی بەڕێوەبردنی ناوەندی




ڕاهێنان کرا بە بەڕێوەبەرە تازەپێگەیشتووەکان دەربارەی پەرەپێدانی سەرکردایەتی، بیرکردنەوەی ستراتیژی، دروستکردنی تیم و کارایی کارکردن.

### خولی تایبەت بە ناساندنی پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی بزنس




خولەکانی ئاشناکردن بە مەبەستی ئامادەکردنی بەشداربووان بۆ پرۆگرامەکانی کارسازیی داڕێژرابوون، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی قۆناغەکان، چاوەڕوانییەکان، و میتۆدۆلۆژیاکانی داهێنان.




## خولی تایبەت بە ناساندنی پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی بزنس

خولەکانی ئاشناکردن بە مەبەستی ئامادەکردنی بەشداربووان بۆ پرۆگرامەکانی کارسازیی دارێژرابوون، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی قۆناغەکان، چاوەڕوانییەکان، و میتۆدۆلۆژیاکانی داهێنان.

## چالاکیی Startup Weekend لە بەسرە

ئەزموونێکی چڕوپڕی کارسازی بوو کە لە ڕێیەوە گەنجان دەیانتوانی بیرۆکەکان بگۆڕن بۆ پرۆژەی بینراو لە ڕێگەی کاری بەکۆمەڵ، ڕاهێنان و وۆرکشۆپی ڕێنماییکراوەوە.

## تاقیگەی Motion Graphic

تاقیگەیەکی داهێنەرانە بوو کە جەختی دەکردە سەر گێڕانەوەی چیرۆکی بینراو (Visual Storytelling)، ئەنیمەیشن، و مۆشن دیزاین، بە مەبەستی فەراهەمکردنی تواناکانی بەرهەمهێنانی تەکنیکی و هونەری بۆ بەشداربووان.

## وۆرکشۆپی توێژینەوە لە بازاڕ و نرخ دانان (HubLivě)

ڕاهێنانێکی ئۆنڵاین بوو کە تیشکی خستە سەر شیکاری بازاڕ، ڕەفتاری کڕیار، و دانانی ستراتیژییەکانی نرخ لەسەر بنەمای داتا و تێڕوانینی واقعی بۆ بازاڕ.




## وۆرکشۆپی گەشتی بەرهەمهێنانی ڕیکلام

وۆرکشۆپێکی پراکتیکیبوو کە بەدواداچوونی بۆ پرۆسەی تەواوی بەرهەمهێنانی ڕیکلام دەکرد، لە پەرەپێدانی چەمک و دیزاینی سێتەکانەوە تا وێنەگرتن و جێبەجێکردن.




## کۆبوونەوەی بنەماکانی ڕیکلامی Google Ads

خولێکی ئۆنڵاین بوو کە بنەماکانی ڕیکلامی دیجیتاڵی، فۆرماتەکانی کەمپەین، پێوانەکردنی توانای کارکردن و تەکنیکەکانی بەتواناکردن دەناساند.



## خولی ژیریی دەستکرد و ئاراستەکردنی جیهانی ئەمڕۆ

خولێکی زانیاریبەخشبوو کە لە ڕێڕەوی ئەکادیمی پەیوەست بە ژیریی دەستکرد، دەرفەتی پیشەیی و کاریگەرییەکانی ژیریی دەستکرد لەسەر بازاڕی کار دەیکۆڵییەوە.




## خولی پەرەپێدانی بەرهەم

ڕاهێنانەکان تایبەت بوون بە تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی بەکارهێنەر، چارەسەری نموونەیی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی پەرەپێدانی بەرهەم لە بازاڕی عێراقدا.




## خولی دروستکردنی ناوەڕۆک


خولێکی چیرۆکگێڕانەوە و نووسین بوو کە بۆ بەهێزکردنی تواناکانی پەیوەندیکردن و بەبراندکردن و میدیای دیجیتاڵی داڕێژرابوو.





## وۆرکشۆپی فرۆشتن بە داتا

بەرنامەیەکی پێشکەوتووی فرۆشتنبوو کە بەشداربووانی ڕادەهێنا بە گۆڕینی داتاکان بۆ تێڕوانینێکی کرداریی بە مەبەستی باشترکردنی بەشداریکردنی کڕیار و ئەدای فرۆشتن.




## پرۆگرامی Career Go – بەسڕە

پرۆگرامێکی ڕێکخراوی ئامادەکاریی پیشەیی بوو بە شێوازی ئۆنلاین  وە پشتگیری لە دەرچووانی نوێ دەکرد لە ڕێگەی چەند مۆدیولێکی فێرکارییەوە کە جەختیان دەکردە سەر کارامەییەکانی شوێنی کار، پەرەپێدانی پیشەیی، توانستە تەکنیکییەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، و کولتووری دامەزراوەیی.

ق | LAB

# هاوبەشیی لەگەڵ قاف لاب - موسڵ

لە ساڵی 2025، ئاسیاسێڵ ئامادەیی خۆی لە ژینگەی دیجیتاڵی و کارسازیی موسڵ فراوانتر کرد لە ڕێگەی هاوبەشییەکی ستراتیژی لەگەڵ قاف لاب، ئەمەش دەرفەتی بۆ گەنجان دروستکرد بۆ دەستگەیشتن بە کارامەیی تەکنیکی و داهێنەرانە و توێژینەوەی پێشکەوتوو.
هاوبەشییەکە دەرفەتێکی فرەڕەهەندی بۆ پەرەپێدانی بەهرەکان و پەروەردەکردنی کۆدەرەکان، دیزاینەران، توێژەران و دامەزرێنەرە بە ئومێدەکان ڕەخساند.

## پرۆگرامی ملهمات (ژنانی ئیلهامبەخش)

بریتی بوو لە زنجیرەیەک خولی بەهێزکردن کە تێیدا ئاهەنگ دەگێڕدرا  بەبۆنەی گەشتە کەسیی و پیشەییەکانی ژنانەوە و تیشکیان دەخستە سەر خۆڕاگریی، سەرکردایەتی و کاریگەری کۆمەڵایەتییان.




## هاکاثۆن بۆ داهێنان و بەتواناکردنی گەنجان

پێشبڕکێیەکی داهێنانی نیشتیمانی بوو کە گەشەپێدەران و کارسازان کۆدەبوونەوە بۆ دیزاینکردنی چارەسەری دیجیتاڵی تایبەت بە ئاستەنگە واقعییەکانی بەردەم بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد.




## ژیریی دەستکرد لە وۆرکشۆپی توێژینەوەی زانستی

ڕاهێنانەکان تایبەت بوون بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان، هاندانی داهێنان و پراکتیزەکردنی توێژینەوەی مۆدێرن لەنێو توێژەرانی گەنجدا.



## پرۆگرامی Skillerate پرۆگرامێکە بۆ پەرەپێدانی لێهاتوویەکان کە تەلارسازی، زیرەکیی دەستکرد، کاری بەکۆمەڵ و پەرەپێدانی چارەسەرەکان لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ تەرخانکردنی ڕێزلێنان بۆ پڕۆژە ناوازەکان

### وۆرک شۆپی Skillerate – شیکاری بازاڕ بە بەکارهێنانی داتا و ژیریی دەستکرد

وۆرکشۆپێکی پێشکەوتوو بوو کە بەشداربووان لە ڕێگەیەوە دەیانتوانی شیکاریی بۆ بازاڕ بکەن بە بەکارهێنانی زانستی داتا و ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد بۆ پشتگیریکردن لە بڕیارە دارایی و ستراتیژییەکان.



### دەستپێشخەریی کورتەبڕی دیجیتاڵی

دەستپێشخەرییەکی بونیادنانی تواناکان بوو، کە ئامانجی بەهێزکردنی کارامەیی بنەڕەتیە دیجیتاڵییەکان بوو بۆ خوێندکاران و گەنجانی خاوەنکار.



### وۆرکشۆپی بەرهەمهێنانی ڤیدیۆی دیجیتاڵی

ڕاهێنانێکی گشتگیر بوو کە هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ دەگرتەوە، لە پەرەپێدانی چەمکەوە تا وێنەگرتن و مۆنتاژ.



## دووەم بەرنامەی کارسازیی – موسڵ

بەرنامەیەکی چڕوپڕی کارسازی بوو کە بەدواداچوونی بۆ مۆدێلە بازرگانییەکان دەکرد لەسەر ئاستی تەکنەلۆژیا و میدیای ، کە مەبەست لێی پشتگیریکردنبوو لە داهێنان کردن لە کەرتە گەشتیاریی و خزمەتگوزارییە دەرکەوتووەکانی موسڵ.







## دەستپێشخەرییە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە
## هەفتەی جیهانیی کارسازیی (GEW 2025)

ئاسیاسێڵ بەشداری کرد لە هەفتەی جیهانیی کارسازیی لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی پلاتفۆرمی ئەساس و بە هاوکاری تۆڕی ئیرادە و هاوبەشە پێشەنگەکانی داهێنان، لەوانەش ماڵی داهێنانی سولی، قاف لاب، کاپیتا Kapita، UTH Hub و تەفاعول هەب. بەرنامەکە لە پارێزگاکانی بەغداد، موسڵ، سلێمانی، ئەنبار و بەسرە جێبەجێکرا، بە سوودوەرگرتن لە ناوەندەکانی داهێنانی ناوخۆیی بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵگە هەمەچەشنەکانی کارسازیی.لە میانی ئەم هەفتەیەدا، چالاکییەکانی پشتگیریکردن لە خاوەن بزنسە سەرەتاییەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا پێشکەش کرا، لەوانەش دەستپێشخەرییەکانی پاڵپشتیکردنی ژنان، دروستکردنی پەیوەندی و بەشداریکردنی وەبەرهێنەران. هاوکات چالاکییەکان پرۆگرامەکانی کارسازانی داهاتوو، هاکاثۆن و وۆرکشۆپی ئامانجداری بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکان لەخۆگرتبوو.

## کۆنفرانسی FIN25 – بەسرە

ئاسیاسێڵ وەک سپۆنسەرێکی ستراتیژی بەشداری کۆنفرانسی گەورەی گەنجان و داهێنانی کرد کە تیشکی خستە سەر کارسازیی، پەرەپێدانی بەهرە و گەشەی ئابووری بەردەوام لە باشووری عێراق.




## TEDxNishtiman – هەولێر

ئاسیاسێڵ پشتگیری لە پلاتفۆرمی TEDxNishtiman کرد کە دەنگە نوێکان لە بواری تەکنەلۆژیا، کولتوور و داهێنانی کۆمەڵایەتیدا پیشان دەدات و گەنجانی عێراقی خستە چەقی گفتوگۆکانی ئایندەوە.




## کۆڕبەندی iTalk – سلێمانی

ئاسیاسێڵ وەک سپۆنسەری ئەڵماس لە کۆڕبەندێکی نیشتمانیدا کاری کرد کە خاوەنکاران، سەرکردەکان، دیپلۆماتکاران و داهێنەران کۆدەکاتەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دەرفەت و بەربەستەکانی ناو ئابووری دیجیتاڵی عێراقەوە.



## کۆڕبەندی نێودەوڵەتی داهێنان و کارسازیی (IIEF) – سلێمانی

ئاسیاسێڵ سپۆنسەری کۆڕبەندێکی هەرێمیی کرد کە تیشکی خستە سەر بەرەوپێشبردنی ئیکۆسیستەمی داهێنان، هاندانی داهێنان، و فراوانکردنی تۆڕە نێودەوڵەتییەکان، کە بووە هۆی پتەوکردنی پێگەی سلێمانی وەک ناوەندێک بۆ داهێنان و کارسازیی.




## لوتکەی بازرگانیی عێراق (IBS) – بەغداد

ئاسیاسێڵ سپۆنسەری لوتکەی بازرگانی نیشتمانی کرد کە کۆمپانیا گەورەکان و بڕیاردەرانی کۆدەکردەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی داهێنان و تەکنەلۆژیاکانی داهاتوو.



## کۆنفرانسی Startup Grind – بەغداد

ئاسیاسێڵ پشتگیری لە کۆنفرانسی Startup Grind کرد کە تێیدا تیشک خرایە سەر ژیریی دەستکرد و گەشەی بزنسە نوێکان، بە ئامانجی کۆکردنەوەی خاوەن بزنسە نوێیەکان لەگەڵ پێشەنگەکانی ژینگەی کارسازیی و نمایشکردنی داهێنانی دیجیتاڵی.



## کۆنفرانس و پێشانگای کارسازیی ڕیادە - بەغداد

ئاسیاسێڵ بەشداری لە کۆنفرانسی نیشتمانی و پێشانگای کارسازیی کرد، بەم جۆرەش پابەندبوونی خۆی بۆ بەتواناکردنی گەنجان، داهێنان و پەرەپێدانی بزنسی نوێ لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی پلاتفۆرمی ئەساس دووپاتکردەوە.







## پێشانگای پیشەیی - زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی

ئاسیاسێڵ وەک سپۆنسەرێکی سەرەکی بەشداری لە پێشانگای کاری زانکۆکەدا کرد کە ئامانج لێی بەرەوپێشبردنی گەنجان و بەرزکردنەوەی ئاستی دامەزراندن و بەستنەوەی دەرچووان بوو بە هەلی پیشەییەوە.

# دەرئەنجام

کارنامەی گەشەکردووی ئاسیاسێڵ تایبەت بە دەستپێشخەرییەکانی کارسازیی، پەرەپێدانی گەنجان و داهێنانی دیجیتاڵییەوە پەرەی سەندووە بۆ هەوڵێکی نیشتمانی یەکگرتوو کە لەلایەن پلاتفۆرمی ئەساسەوە ئاڕاستە دەکرێت و لەڕێگەی هاوبەشییە ستراتیژییەکان لە سەرانسەری عێراقدا بەهێزتر بووە.

ئاسیاسێڵ بە هاوبەشیی لەگەڵ (Orange Corners)، (Kapita)، تەفاعول هەب، قاف لاب و تۆڕێکی بەرفراوانی ڕێکخراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان، پشتگیری هەزاران گەنجی کردووە، خاوەنکارە تازەپێگەیشتووەکانی بە ڕاهێنانی کارامەیی پراکتیکی بەهێزتر کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی بنیاتنانی ژینگەیەکی کارسازیی دیجیتاڵی خۆڕاگرتر و ئامادەتر بۆ داهاتوو. چالاکییەکان، بەرنامەکان و چیرۆکەکانی سەرکەوتن کە لە بەشە جیاوازەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا باسکراون، نەک تەنها تیشک دەخەنە سەر جۆراوجۆریی دەستپێشخەرییەکانی ئاسیاسێڵ، بەڵکو قووڵایی کاریگەرییەکانیشی دەردەخەن کە لە ئەنجامی پابەندبوونی درێژخایەن لەگەڵ بەهرە و ئامانجی ناوخۆیی بەدەستهێنراون. لە سەرجەم پارێزگاکان و کەرتەکان و کۆمەڵگاکاندا، گەنجان بیرۆکەکانیان گۆڕیوە بۆ وەبەرهێنان، متمانەیان بەدەستهێناوە و کاریان دەستکەوتووە، ڕۆڵیان هەبووە لە کارکلێککردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا کە داهاتوو ئاراستە دەکەن.

ئاسیاسێڵ درێژە دەدات بە پابەندبوونی خۆی بە گەشەپێدانی ئەم وزە و بزوێنەرە. لە ڕێگەی بەردەوامبوون لە بەهێزکردنی پلاتفۆڕمی ئەساس و برەودان بەو هاوبەشییانەی کە ئاستی داهێنان بەرز دەکەنەوە، کۆمپانیاکە دووبارە جەخت لەسەر ئەو باوەڕەی دەکاتەوە کە گەورەترین توانای عێراق لە مرۆڤەکانیدایە، وە وەبەرهێنان لە گەشەکردنیاندا بناغەیە بۆ داهاتوویەکی دینامیکیتر، گشتگیرتر و بەردەوامتر.

Asiacell®

کۆماندەکاتەوە